# الزائد كالنقصان

بەشی دووەم وکۆتایی

**فاتمە عومەر ڕێشاوی**

بۆ ئەوەی برەو بە پێشکەتن و گۆڕانکاریەکان لە کۆمەلگەدا بدەین, ڕەخنە و لێکۆلینەوە لە دیاردەکان باشترین ڕێگایە بەلام دیارە نەک تەنها ڕەخنە لە دەسەلات, بەلکو دەبێ ئەو ڕەخنە گشتگیر و هەمەلایەن بێ واتە کۆمەلگە بەگشتی هەموو توێژو چینەکانی بگرێتەوە. چونکە دەسەلات ڕەنگدانەوەی ستروکتوری کۆمەلگەیە. دەکرێ دەسەلات بەو خورە ئاوە بشوبهێنین کە لە ئەنجامی یەکگرتنەوەی چەند جۆگەلەیەک دروست بوە. ئینجا هەندێ جار ئەو یەکگرتنە دیاردەیەکی پۆزەتیڤی لێدەکەوێتەوە وهەندێ جاریش نێگەتیڤ.

لەبەشی یەکەمی ئەم بابەتەدا بۆچونی خۆم خستبووە ڕوو سەبارەت بە گرنگی دانی دەسەلات بە هەندێ کار و دیاردە و دەسکەوت کە ئەولەویەتی ئەمڕۆی کوردستان و خەلکەکەی نین . دیارە من لەوەش ئاگادارم کە هەر بوارێک لە بوارەکانی کۆمەلگە وەزارەت و دەزگا و میزانیەی خۆی هەیە و هیچیشی نابێ بۆ ئەویتر بوەستێ. بەلام هەر هێشتا سورم لەسەر بۆچونی خۆم و دەلێم دەکرا لەو ماوە ناسکەدا بۆ دروستکردنی بناغەیەکی ئابوری پتە و بوژانەوەیەکی ڕاستەقینە هاوکاریکردن لە نێوان وەزارەتە جیاوازەکاندا هەبوایە.

بۆ نموونە وەزارەتی کشتوکال و خوێندن و پەروەردە دەکرا لە سەروو هەموویانەوە لە هەموویان زیاتر میزانیەی بۆ دابین بکرایە و گرنگی پێبدرایە. چونکە کشتوکال ( بە زەوی چاندن و باخداری و مەڕومالات بەخێوکردن)ەوە بڕبڕەی پشتی ئابوری هەر ولات و کۆمەلگەیەکە. هەموو بوژانەوەیەکی ڕاستەقینەی ئابووری لەوێوە دەست پێدەکات, کەچی ئەوەی دەبینرێ و دەبیسرێ هەمووی ئاماژە بەوە دەکات کە کشتوکال لە گرنگی پێداندا زۆر لە پاشکۆدایە.

دەبوایە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەی بزانیایە کە خەلکی ئێمە بە هۆی ئۆردووگا زۆرە ملیەکانەوە کە لە زەمەنی بەعسدا دروستکران و خەلکی لادێکان لەو ئۆردوگایانەدا, کرانە کەسی تەمەل و بەکار بەر. واتە کۆمەلگەی کوردی سێ نەوەی دابڕاوە لە دنیا و ژیانی لادێ و پەیوەست بوون بە زەوی و باخ و ڕەز و ئاژەلداری. ئەمەش گەورەترین کەموکورتیە لە کەسێتی تاکەکانی کۆمەلگەی ئێمەدا دروست بوە بۆ ئەمە پێویست بوو حکومەت هەموو جەختی بخستایەتە سەر لادێکان, هەموو کارێکی لەوێ بۆ ئاسان بکردنایە و دنیا یەک و ژیانێکی وا خۆشی بۆ دەستەبەر کردنایە کە خەلک لەشارەوە بۆ دێهات بچونایە. نەک خەلکی لادێ بهێنرێن و لە شارەکاندا بکرێنە پۆلیس و دوکاندار. دیارە بۆ بەرپەرچی دانەوەی ئەم بۆچونەم کەسێک دەلێ: کارێکی وا کارەبا و سوتەمەنی پێویستە. کێشەی گەورەش ئەم دوانەیە. بەلام من دەلێم کێشەی سەرەکی نەبونی ئەولەویەت و نەخشە وپرۆگرامی زانستی و کەلک وەرنەگرتنە لە ئەزموونی میللەتانی تر.

زۆرن ئەو میللەتانەی لە- هیچ-ە وە دەستیان پێکردوە و بە ماوەیەکی 50, 60 سالێک ئێستە کەوتونەتە مونافەسەکردنی ئەمریکا و وولاتە ئەوروبیەکان. وەک چین و یابان و کۆریا و ئیمارات و هەندێکی تر لە وولاتانی خەلیج. چونکە ئەولەویەتیان لەبەرچاوگرتوە. بەلام ئێمە ئەوە پانزە سال تێپەڕی کە چی تەماتە و کەرەووز لە دەرەوەی وولاتەوە دێنین.ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی دەستپێکردن و سەرەتا, پڕ بوون لە هەلە و شپرزەیی و ڕاکە ڕاکە بە دوای کەلەکە کردنی پارە و سەیارە و ئالتون کرین و بینای بەرز و کۆمپانیا بۆ هاوردنی شتومەکی ناومال و پێشکەوتوترین جۆری مۆبایل و نوسینگەی تەلەفۆنات و ئوتێل و هۆلی ئاهەنگ ... کە ئەمانە هەمووی لەوانەیە لە ماوەیەکی کورتدا نیشانەی بوژانەوە بن. بەلام بۆ ماوەیەکی

دوور هیچکات وەک پێویست خۆیان ڕاناگرن. جگە لەوەش خەلکی توشی پێشبرکێی ناڕەواو چاولێکەری و دلە ڕاوکێ دەکات. هەندێک توشی خۆ بەزلزانین و لە خۆبایی بوون دەکات و زۆرینەکیش توشی هەستی پاشکۆیی وخۆبەکەمزانین دەکات.

* بۆیە بە بۆچونی من دیاردەیەکی تر کە زۆری چێشتخانە و هۆلی ئاهەنگەکانە دەچێتە ڕیزی ئەو دیاردانەی کە ووتەی الزائد کالنقصان ی بەسەریاندا دەچەسپێ. لەم سالانەی دواییدا دەبنین بە ڕادەیەکی بەرچاو ژمارەی چێشتخانە و هۆلی ئاهەنگەکان لە شار و شارۆچەکەکان و سەر ڕێگاکانی دەرەوە زیادی کردوە. بەرپرسیاریش لە پەیدابونی ئەم دیاردەیە ڕاستەخۆ دەسەلات نیە بەلکو کەسانی سەرمایەدارو دەولەمەندن. بەلام هەرچۆن بێ دیسانەوە نەبونی میتۆدەیەکی ئابوری و نەبونی تێڕوانینێک کە بەرژەوەندیە گشتیەکان لەبەرچاو بگرێ, هەروەها نەبونی نەخشەیەکی دووربینانە هۆکاری سەرەکین. دەنا لە وولاتێک کە تەماتە و کەرەووز لە دەرەوە بهێنرێ, ئەم هەموو پێشەنگا وخواردن ڕازاندنەوەیە چی دەبەخشێ. جگە لەوەش کە لە ڕووی تەندروستیەوە چەند زیان دەگەیەنێ, و تا چەند مەرجەکانی پاک و خاوێنی ڕەچاو کراوە ئەوەش باسێکی تر و بابەتێکی تری دەوێ.

لە هۆلەندا, توێژینەوەیەک کرا لەسەر ژمارەی ئەو خەلکانەی کە ڕۆژانە بە مەبەستی پشکنین سەردانی عیادەی پزیشکەکان دەکەن. بۆیان دەرکەوت لە دە کەس حەوتیان پێویستی بە بزیشک نیە. بەلکو ئەوان دەتوانن خۆیان چارەسەری خۆیان بکەن ئەگەر بێتوو شێوەی خواردن و ژیانیان بگۆڕن. ئەمە لە وولات و کۆمەلگەیەکدا کە چەندەها دەزگا و پرۆگرام و نامیلکە و سایت وخولی وانە وتنەوە و توژینەوە و ناوەندی وەرزشی لەم بوارەدا شەوو ڕۆژ کار دەکەن بۆ هۆشیارکردنەوە و بەرزکردنەوەی ڕادەی ڕۆشنبیری خەلک. ئەی لە کۆمەلگەیەکی وەک لای ئێمە کە هیچ بنەماو نەخشەیەک نیە بۆ کاری لەم جۆرە, چۆن بتوانرێ ساغ لە نەخۆش جیا بکرێتەوە و یان دەبێ لە سەدا چەندی نەخۆشەکان هۆکاری نەخۆشیەکانیان نارێکی خواردن و ئوسلوبی ژیانی ڕۆژانە بێ ؟!

دیادەیەکی تر کە لەگەل باری ئابوری کوردستادا نەشاز دێتە بەرچاو, دیاردەی فرۆشتن و کڕینی ئالتونە. لە شەقامێکی پیس و پۆخل و لە نێوەند چەندەها جلیکانەی بەنزین و سەدان مندالی نایاسایی بۆ ئیشکردن چاوت هەلدەتۆقێ بە دەیان کۆگا و دوکانی ئالتون و زێڕ و زیودا.. ئەو دیاردەیە لەوانەیە بەلای زۆرینەی خەلکەوە ئاسایی بێ. بەلام چەندین پرسیار لە مێشکی من قوت دەکاتەوە, نازانم تا کوێ لە جێی خۆیدایە؟ ئەویش ئەوەیە ئایا کڕین یان فرۆشتنی ئالتون لەو بارو دۆخە چ خۆشیەک بە مرۆڤ دەبێ ببەخشێ؟ یان ئەو سەرمایەی کە ئەو بەرێزانە لە بازرگانی ئالتوندا بەکاری دێنن نەدەکرا لە بەکارهێنان و بوژانەوەی زەویدا بەکاری بهێنن ؟! ئایا هەرگیز بە گوێماندا نەچووە کە ئالتونی ڕاستەقینە زەوییە ؟ !

ئیتر هەربەم شێوە خێرایە بە بازاڕو شەقامەکاندا یان بە ناو ڕۆژنامەکاندا بسوڕێیتەوە ڕۆژانە چەندین دیاردە و هەوالی وا سەیرو سەمەرە دەبینی و دەبیسی هەر بۆ ئەوە باشە بلێی الزائد کالنقصان هەر بۆنمونە باس لە هەندێکی تر دەکەم و کۆتایی بە باسەکە دێنم هەندێک لەوانە:

* کۆنفراسی دروستکردنی ئافرەتی سەرکردە. وا بزانم ڕۆژانە چەندین کۆنفراس لەو وولاتە بێ کارەبایە دەبەسترێ کە تێچوونی زۆر زیاترە لە بڕیار و بەرهەمەکانی. من تێناگەم ئافرەتی سەرکردە چۆن دروست دەکرێ ؟ یان بۆ دروست بکرێ ؟ ئایا کۆنفرانسی دروستکردنی پیاوی سەرکردەش هەیە ؟!

* دروستکردنی پەیکەرێک لە برونز بۆ دلداری شاعیر و پارکێک و یانەیەکی ڕۆشنبیری. ئەگەر کەسێک بە ڕاستی باری نالەباری ژیانی خەلک بە ڕاستی کار لە ویژدانی بکات و خەمی نزمی ڕادەی ڕۆشنبیری و پەروەردەیی گەنجەکانی لە دلدا بێ هەرگیز بیر لە پەیکەر دروستکردن ناکاتەوە و هەر کاتیشی نابێ بیری لێبکاتەوە. پارک و یانەکەش هەر بۆ ئەم ساتەوەختە زیادەیەکە وەک نوقسانیەکە. چونکە ئەگەر نیوەی

دانیشتوانی کوردستان کرێچی بن بەو دەرامەتە کز ولاوەزەی هەیانە, چۆن بیر لە ڕۆشنبیری و ڕوناکبیری دەکەنەوە. یان مشتومڕ و گفتوگۆی کردنی شاری سلێمانی بە پایتەختی ڕۆشنبیری سودی چیە بۆ گرانی بازاڕ و گەندەلی دائیرەکان.

* بە تەنها لە شاری دهۆک سێ ملیار و هەشت ملیون دینار بۆ پرۆژەی ئایینی خەرجکراوە. ئایا بە ڕاستی و بێ پێچو پەنا خەج کراوە یان نا ئەوە باسێکی ترە بەلام ئەگەر خەرج کراوە, ئەوە دەتوانم بلێم کۆمەلگەی ئێمە هێشتا لە ئایین و ئامانجەکانی نەگەشتوە.......... دەنا بە مزگەوت و کەنیسە و خولی ئایینی نەدەوترا پرۆژەی ئایینی بەلکو بە کشتوکال و بەرهەم هێنان دەوترا پرۆژەی ئایینی.

ئەوە سەفەر و گەشتی لێپرسراوان و بریاردەران و ناردنی وەفدی سیاسی و ڕۆشنبیر ی و هونەری بۆ دەرەوەی وولات بەبۆنە و بێ بۆنە چی بۆ خەرج دەکرێ یان ناکرێ, با لەولاوە بوەستێ.

هەر ئەوەندەم ماوە بلێم کە مەبەست لەم بابەتە ئەوە نیە کە ئەو دیاردە و دەسکەوتانە کە من بە زیادە لە قەلەم دان , هیچ پێویست نەبن و هیچ سودیان نەبێ بەلام ئێمە باسمان لە ئەولەویەت کرد کە بەلای منەوە کشتوکال و خوێندن و پەروەردە لە پێش هەموو ئەمانەوەیە. جگە لەوەش خۆ ئەگەر بەم حالەشەوە لەودیاردە و دەسکەوت و چالاکیانەدا گەندەلی نەکرایە و ویژدان زیندوو بوایە, هەر بەم شێوەیە نەدەگەیشتینە ئەم حالە بێ هیوا و بێ ئومێدیە .

بەلام لەبەر ئەوەی باسی ویژدانمان کرد, دەبێ باس لە بونی دیاردەی دلخۆشکەر- ئەگەر هەبن- بکەین. لە ماوەی ئەم چەند ڕۆژانەی کە من چاوم بە ڕۆژنامەکانی ئاسۆ و ئاوێنەی الکترۆنی داخشاندوە, ئەو هەوالە دلخۆشکەرەم لە ئاوێنە *بەرچاو کەوت کە ڕێکەوتنامەیەک لەگەل کۆمپانیایەکی عەرەبی کراوە بۆ چاندنی یەک ملیۆن داری زەیتون لە ناوچەی بانیمەقان کە هەزار کرێکاری کورد ئیشی تێدا بکەن . بەلام هەوالەکە باس لە ئیمزاکردنی ئەو گرێبەستەو کاتی دەست بە ئیشکردن ناکا. بۆیە دەبێ دەست بە دلمانەوە بگرین و دوعا بکەین کە بەدوور بێ لە فەشەلهێنان و کاری گەندەلی. بە هیواین پرۆژەی لەو شێوە زیاتر و زیاتر بکرێ. خۆزگە هەر بەهەمان شێوە یان هەر شێوەیەکی تر گرنگیش بە بەربومی گوێزی هەورامان و بنێشت و هەنگوینی شاخی شنروێ و گەنمی شارەزوور دەدرا. چەندین سەرمایەی نیشتمانی تر کە چاوەڕێی دەست و بازووی مرۆڤێکە هەست بە کەرامەتی خۆی بکات و دلی پڕ هیواو ئومێد بێ.

چونکە ئەگەر کۆمەلگەی ئێمە پێی بوترێ کۆمەلگەی ئایینی دەبێ دادپەروەری و یەکسانی کۆمەلایەتی یەکێک بێ لە سیماکانی و جگە لەوەش دەبێ ید العلیا بێ نەک ید السفلی..

---

<u>**تێبینی-**</u>

**بۆ ئەو داتا و هەوالانە سودم لە ڕۆژنامەی**

**awene.com ئاوێنە ژمارە 56و 57**

**asoxandan.comئاسۆ 361 و362 و 372 و 373**